الاتحاد العام اللاجئين العراقيين
**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

# لەکۆبوونەوەی پەرلەمانی بەریتانیا
# دەیان ڕێکخراوی پەنابەری هاورا بوون بۆ پێك هینانی بەرەیەکی یەکگرتوو دژ
# بەسیاسەتی دەولەت بەرامبەر بە پەنابەران

لەژیر ناونیشانی (عەدالەت – نەك ناردنەوەو ئەشکەنجە)، ڕۆژی 2–11–2005 لەپەرلەمانی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ لێکولینەوەو خستنەرووی ڕێگاچارە لەسەر بارودۆخی پەنابەران و سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران سازدرا. ئەم کۆبوونەیە کەبەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەخەلکی پەنابەر و بە بەشداری چەندین ئەندام پەرلەمانی بەریتانی وئەورپایی و دەیان کەسایەتی ناسراو و هەڵسوراو لەبورای کیشەی پەنابەریتی و مافەکانی مرۆڤ بەری خرا، بەمیوانداریتی وپیشتیوانی بەریزان (**Elfyn Llwyd**و **Hywel Williams**) و(**Jean Lambert**) لەئەندامانی پەرلمانی بەریتاتیاو ئەورویا بەریوەچوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە لەلایەن حزبی سەوزەی بەریتانیاوە بەقسەوباس لەسەر گرنگی ئەم کۆبوونەوەیە دەستی پی کرد و وپاشان بەریز(**Hywel**) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا قسەکەرانی نیو کۆبوونەوەکەی ناساند و ئاماژەی بەدەوری هەریەکەیاندا لەبوواری بەرگری کردن لەمافەکانی پەنابەران دا. لەوانە: دەشتی جەمال لەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەوە، شیرزاد جەلال پەنابەری کوردی عیراقی کە بەرهەمی هەوڵ چالاکی یەکانی فیدراسیۆن لەگرتووخانەدەست بەسەرەکاندا ئازاد کرابوو، **Gareth Peirce** پاریزەر لەبوواری مافەکانی مرۆڤ، **Liz Fekete** نووسەری ماکینەی ناردنەوە–ئەورویا لەگەل مافی مرۆڤ، ، **Nick Hildyard** لە پرۆژەی پەنابەران، **Jean Lamber** ئەندامی پەرلەمانی ئەورویا و نوینەری حزبی سەوزی بەریتانیا، **Emma** لە کەمپینی بەرەی دژ ناردنەوەی پەنابەران(**NCADC**)، **Doug Holton** لەکەمپینی ناردنەوەی مندالانی پەنابەر راگرن، **Leonard** لەزامبابوای،...

دواتر کۆبوونەوەکە چووە سەرباس کردن و پیداچوونەوەی لایەنە ناهەموار و نیگەتیڤەکانی سیاسەتی دەولەتی بەریتانیا، کەلەدژ پەنابەران دەستی بۆبردووە. ولەم بارەشەوە ئاماژەبە لایەنی راسیستی ئەم سیاسەتەی دەولەتی بەریتانیا کرا و پەنجەخرایەسەر ئەوەی کەچۆن بە بەهانەی "شەری لەدژی تیرۆر" ەوە دەولەت کەوتۆتە پەلاماردانی پەنابەران وگرتن و راونانیان و دەستبردن بۆ تعزیبی نەفسی پەنابەران لەگرتووخانە دەست بەسەرەکاندا و لێرەشەوە ناکۆکی ئەم سیاسەتە لەگەل مافەکانی مرۆڤدا ئاشکراکرا. لەم نیوەدا مەسەلەی ناردنەوەی پەنابەران بۆ وولاتەکانی عیراق وئیران و زامبابوای و وولاتەکانی ئەفریقا جیگای سەرنجی باس و قسەکەرانی کۆبوونەوەکەبوو کەتێگرا داوایان لە راگرتنی ناردنەوەی پەنابەرانی بۆئەم وولاتانەکرد. لەبەشێکی تری قسەو باسەکاندا لەسەر پێویستی کاری پێکەوەی و هاوپشتی و بەرەیەکی یەکگرتوو بەرامبەر بەم سیاسەتە دژ ئینسانی و حکومەتەکی توونی بلیر تاوو تۆکرا .

شایانی باسە دەشتی جەمال بەنۆینەرایەتی پەنابەرانی کوردو عیراقی لەم کۆبوونەوەیەدا ووتارێکی پێشکەش کرد کە تیادا ئاماژەی بەو هێرشە بەرفراوانەی دەولەتی بەریتانیا بۆ سەر پەنابەرانی کورد کرد و لەبارەی کیشەی پەنابەرانی عیراقی‌یەوە ریگاچارەی خستەروو کە جیگای پەسەندی ئامادەبووان بوو.( دەقی قسەوباسەکانی دەشتی جەمال بەشیوەی سەربەخۆ لەراگەیاندنەکانی فیدراسیۆنیپەنابەرانی عیراقی‌یەوە بلاودەکریتەوە)

پاشان ماوەدرا بە نۆینەرانی ڕێکخراو ولایەن و کەسایەتی‌یەکانی‌تر بۆپیش کەش کردنی قسەوباسەکانیان. لەم بارەیەشەوە سەوسەن سەلیم لە ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستانەوە ووتەیەکی پیش کەش کرد. سەوسەن ویرای راگەیاندنی پشتیوانی و راوەستانی لەپال کەمپینی فیدراسیۆن باسی لەکوشتن وخۆکوژی‌و فراندنی ژنان وەك دیاردەیەکی رۆژ وە نائارامی و سەروکوتی سیاسی کرد لە عیراق و کوردستاندا وە ئاماژەی بە بێ دەربەستی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانی کرد بەرامبەر بە ئەوزاعی ئیستای عیراق. وە تاکید لەوە کرد کەدەبی ئەم سیاسەتی ناردنەوەیە ناکام کریتەوە ئەمەش بەیەك گرتووی هیزمان و فشاری زیاتر لەسەر حکومەتی بەریتانی، شایانی باسە قسەو باسەکانی سەوسەن لەلایەن ئامادەبوانەوە پیشوازی لیّ کرا.

لەکۆتایدا بەریز(**Hywel**)ی ئەندامی پەرلەمان ئەنجامی کۆبوونەوەکەی بەخستنەرووی چەند پێشنیار، کەجیگای پەسەندی تەواوی بەشداران ولایەنەکان بوو، گەلاڵەکردەوە، ئەو پیشنیارانەش کەبەتیکرا دەنگیان بۆدرا، بریتی‌بوو لە:

*– "پێك هینانی بەرەیەکی گەورە" دژ بەسیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران.

*– کار کردن بۆ پێك هینانی تۆریکی پەیوەندی گەورە لەئاستی ئەورپا بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری هاوبەشی سەرجەم لایەنەکان.

*– ئامادەکردنی بریارنامەیەك بەناوی بەشداربوونی کۆبوونەوەکەوە وناردنی بۆ دەولەتی بەریتانیا.

*– کارکردن بۆ راکیشانی پشتیوانی ئەندام پەرلەمانی ترو رێکخراوە پەنابەری و ئینسانێکانی تر بۆ نیو ئەم بەرەیە.

*– دانانی کۆنفرانس و کۆبوونەوەی تری لەم چەشنە بۆ گەلالەی کارەکانی ئایندە.

**ئەم کۆبوونەوەیە پشتیوانی کرابوو لەلایەن ئەم رێکخراو لایەنانەوە:**

**Refugee Project, CAMPACC, NCADC, Stop Deporting Children, International Federation of Iraqi Refugees, CARF, Asylum Aid, Asylum Rights Campaign, Peace and Kurdistan Campaign, Kurdistan Solidarity Committee, Halkevi Kurdish-Turkish Community Centre, The Green Party, Liberation**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2005-11-4

---

www.federasion.org